چاوپێکەوتن



عوسمان خۆشناو:

# ناوم لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا ناهێنرێت

سازدانی: سەباح ئیسماعیل

عوسمان موستەفا خۆشناو لە ساڵی ١٩٢٦دا لە شاری کۆیە لەدایک بووە، تەمەنی لاوێتی لە شاری کەرکووک بردووەتە سەر. شاعیرێکی ناوداری سەردەمەکەی خۆی بووە. ساڵی ١٩٧١ بەجێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ لقی کەرکووک هەڵبژێرراوە.

تا نووکە ئەم ئەم بەرهەمانەی بەچاپ گەیاندوون:

ـ شوان و قوتابی (شانۆگەری) ١٩٤٥

ـ بەستەی باوەڕ (شیعر) ١٩٥٨

ـ ئاوازی ژیان (شیعر) کەرکووک ١٩٥٩

ـ مەرگ و لەدایکبوونەوەیەکی نوێ (شیعر) ١٩٩٩

ـ گەڵا وەریوەکان (یاداشت) ٢٠٠٧

چەند کتێبێکیشی ئامادەی چاپن.

*** گۆڤاری نەوشەفەق چۆن دەرچووە و لەو کاتەدا مەبەست لە دەرچوونی چی بووە؟!**

- ئاگادارنیم لە کاتی دەرچوونی گۆڤاری شەفەقدا من لە دوورخراوگە «کوت - بدرە» بووم. بەڵام لەو ڕۆژگارە نالەبارانەدا بەندە لەگەڵ چەند خەباتگێڕێکی وەک خۆم ئاسایی لە سەروویانەوە هاوڕێ کەریم ئەحمەد داود - سکرتێری ح. ش. ک و حیلمی عەلی شەریف و محەمەدی مەلاکەریم و بەندە: بۆ بەندیخانەی «کوت»یان بردین لەسەر ئەوەی «بڵاوکراوەیەکی» سیاسی نهێنی بەناوی «کوردستانی نوێ» بڵاوکراوەتەوە بەدەستنووسی ئێمە. لەم کاتەی لە بەندیخانەی کووت بووین لە ڕۆژنامەیەک بڵاوکرابووەوە« گۆڤاری شەفەق» بەکوردی و بەعەرەبی یەکەم ژمارەی دەرچوو بڵاوکرایەوە..

خاوەنی ئیمتیاز: عقيد متقاد: عبدالقادر برزنجي - سەرنووسەر: پارێزەر: إبراهيم أحمد بوو.

> دووجار بەسەرۆکی لقی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووک هەڵبژێردرام

*** دەڵێن کتێبێکت بەناوی (الواقيعية في الادب الكردي) داناوە و زانیارییەکانی کتێبەکەت لە دەست دەرچوو. تا چەند ئەمە ڕاستە؟!.**

- کتێبێکم لەسەر«الواقعية في الادب الكردي» نەنووسیوە. زنجیرە گوتارێکم بەناوی «الواقعية الحديث في الادب الكردي» تا ژمارەی ٢-٣ لەم بارەوە نووسی - د عیزەدین مستەفا - کتێبێکی بەهەمان ناونیشان نووسی. زۆر سوودی لە نووسینەکانی من وەرگرتبوو، بەڵام ناوی منی نەهێنابوو. کە دیم ڕەخنەم لێ گرت و گلەیی دۆستانەم لێ کرد.. زۆر بەسەربەرزی و جوانی لە ڕادیۆی بەغدا - بەشی کوردی لەم بارەیەوە، ڕوونکردنەوەیەکی ڕاست و پاکی نیشانداو منیش سوپاسم کرد..

> د. عیزەدین مستەفا کتێبێکی بەهەمان ناونیشان نووسی. زۆر سوودی لە نووسینەکانی من وەرگرتبوو، بەڵام ناوی منی نەهێنابوو

*** هۆی داخستنی گۆڤاری شەفەق چی بوو؟!**

- لە کودەتای ١٩٦٣دا ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان داخران..

کەسانێکی زۆریان لە سیاسی و نووسەر و شاعیر و رۆژنامەکان گرت بەندەش یەکێ بوو لەوان..

*** ئەوکات چۆن مامەڵەتان لەگەڵ زاراوە تازەکاندا دەکرد؟!**

- لە سالآنی چلەکان بەرەوژوور تا هەشتاکانیش یان کەمتر، گەڕانەوە بۆ رابردوو، نووسینی کۆن، زۆر باوبوو، بە زۆری پەنا بۆ زاراوە و قسەی پێشینان و وشەی کوردی ڕەسەن دەبردرا.. وەک:.

أ - بەخۆداچوونەوە: وشەیەکی کوردیی کۆنە، فەللاح، کاسبکار، خەڵک بەکاریان دەهێنا.. نووسەرو شاعیرانیش بەکاریان دەهێنا.. وەک

ب - خەریکم بەدیوانەکەمدا دێمەوە بۆ چاپی دووەم..

ج - بەشانۆگەرییەکەمدا چوومەوە زۆرشتم گۆڕی..

د - بەرووبووم: فەللاحەکان لە ناو خۆیاندا دەیانگوت:

ئەمساڵ بەروبووم باش بووە..

نووسەرو شاعیر لە یەکتریان دەپرسی.. بەروبوومت چییە؟! لە سالآنی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز.. لەناو رۆشنبیراندا وشەی «بەرهەم» زۆرتر بەکاردەبرا..

هـ - زۆرزان.. دنیادیدە:.

بەکەسانی رووناکبیر و رۆشنبیر= مثقف = یان دەگوت.. زۆرزان یان دنیادیدە، لە دواتر بەتایبەتی لەناو زاناو لاوان و وەچەی نوێ ئێستا «رۆشنبیر» باوە..

*** تۆ بەسەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووک هەڵبژێررایت، شێوازی کار و چالاکییەکانتان چۆن بوو؟!.**

- دووجار بەسەرۆکی لقی نووسەرانی کەرکووک هەڵبژێردرام لە (١٩٥٨- ١٩٥٩) دا بوومە (رئيس فرع اتحاد الأدباء في كركوك) بۆ جاری یەکەم..

چالاکییەکانمان زۆر سست بوون، بەشی زۆری ئەندامەکان، تەنها چەند کەسانێک نەبێت نە کوردییان چاک دەزانی نە عەرەبی!

جاری دووەم: لە ١٩٧٠ - ١٩٧١ کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دامەزرا لە هەڵبژاردنی

لقی کەرکووک بە پێچەوانەی ویستی حیزبەکان منی سەربەخۆ لە کۆی ٣٤ دەنگ ٢٨ دەنگم هێنا، هەڵبژێردراوی پارتی دیموکراتی کوردستان کە شێخ رەئووف خانەقا بوو، ١٨ دەنگی هێنا، زۆر بەرێکی و جوانی یەکێتیی نووسەرانمان رێکخست، و یەکەم ژمارەی گۆڤاری «گزنگ»مان دەرکرد بە سەرپەرشتی خۆم و یەکەم سیمیناری نووسەران و ئەدیبانمان سازدا کە سەرۆکی "أتحاد أدباء العراقيين" تیایدا ئامادەبوو «محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری» بەڵام ئەمەی جێگای سەرسوورمانە، دەستێکی بۆگەن و سامناک دژی خۆم و رابوردووم لە کارە، ناوم لەناو هیچ کۆڕوکۆبوونەوەیەکدا ـ وەک دەبینین ـ ناهێنرێت، ئەبێ سەربەخۆیی و بێلایەنی باجی هێندە گران بێت..؟!! هەتا بگاتە رادەیەک ناوی لە ناو مێژووی ئەدەبی کوردی نەبەن .. کتێبێک بەناوی «مێژووی وێژەی کوردی» لە سێ بەرگدا لە کوردستان دەرچووە لە نووسینی «سدیق بۆرەکەیی» «سەفی زادە» لەساڵی ٢٠٠٨ دا، ناوی نووسەر و شاعیر «عوسمان مستەفا خۆشناو»ی تێدا نییە کە لە کاتێکدا بڵاوکراوەکانم لە کتێبخانەکانی شاری «مهاباد» لە «١٩٤٦» وە تا ئێستاش «٢٠٠٨» دەبینرێ کە خاوەنی ٤ ـ ٥ بڵاوکراوە (کتێب) و سەدان گوتارم، و نووسەری دوو کتێبی مێژوویيم؛

أ ـ کۆیە لە رەوتی شارستانییەتدا ـ لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە..

ب ـ کەرکووک لە ئامێزی مێژوودا، نووسینی تایبەتی خۆم، کە بەرێوەیە بۆ چاپکردن...

کەسێکیش نییە لەم گێرەشێوێنییە و تێکدانی مێژووی ئەدەبی نەتەوەمان بپرسێتەوە!

*** پێوەندیتان ئەو کاتە چۆن بوو لەگەڵ نووسەرانی عەرەب و تورکمانی کەرکووک؟.**

ـ پێوەندیمان نە گەرم و نە ساردبوو، ناوەندی بوو چونکە گێرەشێوێنکەر لە هەموو لایەک لە تێکدان و ناخۆشی دەگەڕان بەتایبەتی لە شاری کەرکووک..

*** گوێزانەوەت بە خاووخێزانەوە لە کۆیەوە بۆ کەرکووک چۆن بوو؟**

ـ دوای هێرش بردن بۆسەر بلە و بارزان لەلایەن رژێمی ئەو رۆژگارە و سووتاندنی دێهات و ماڵ، دەربەدەرکردنی خەڵکی ناوچەکە و گرتنی زۆر لە پیاوەکان، کە بووە هۆی هاندان و گیانی دژ راوەستان لەناو کۆمەڵ و رووناکبیرانی عێراق و کوردستان بەتایبەت.. ئێمە لەو رۆژگارە ١٩٤٤ ـ ١٩٤٥ دا دەستەی لاوانی رۆشنبیر کۆمەڵەیەکی نەتەوەی پێشکەوتووخوازمان هەبوو بەناوی «کۆمەڵەی دەنگ» کە بەندە یەکێ بوو لە سەرکردەکانی. لە ژێر کاریگەریی ئەم کارەساتەی کە بەخەڵکی «بلە و بارزان» دەکرا کەوتینە دژایەتییەکی

گەنجانە «بەیاننامە ـ بڵاوکراوە»یەکمان بەدەستنووسی و لە ناوچەی کۆیە و رانیە و پشدەر و بەشێ لە هەولێر بەناوی «کۆمەڵەی دەنگ» دژی ئەم کارەساتە بڵاوکردەوە لە ژێر سەرناوی:

هاوارە.. هاوارە..

کوردستان دەسووتێنرێ..

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوە و کاریگەریی ئەم «بەیاننامە»یە دەسەڵات زۆر بەخێرایی دەستەیەکی «پاراستن» یان بە سەرۆکایەتی «نائیل حاجی عیسا» بۆ کۆیە نارد.. بۆ پشکنین دەستنووسکردنی رۆشنبیرانی شارەکەم ـ مامۆستا و قوتابی و کەسایەتییەکان.. لە ئەنجامدا دوو کەسایەتی گەورە «کاکە زیاد ئاغا و کاکەی حاجی مەحموود» و لە لاوان بەندە «عوسمان مستەفا خۆشناو» گیراین، ئەوانیان دوورخستەوە لە کۆیە منیشیان لەگەڵ سەدان بارزانی لە گرتووخانەی هەولێر بەندکرد.. چل شەو زیاتر لەسەر «تەختەی ژووری خنکاندن» لەگەڵ چەند بارزانییەکی لاو نوواندیانین، کێ کردی و کێ خواردی؟ ئێستاش کەسێ ناوی عوسمان خۆشناو نابات.. تا لە دواتر بەهۆی دەستێوەردان و پشتگیری حاکمی کوبرای ئەو رۆژگارە «مەلا صدیق نازەنینی» خاڵۆی بێکەس و لێقەوماوان لەبەر بچووکی تەمەن.. رزگار بووم.. بەڵام لە فەرمان دەریان کردم.. کەوتمە ژێر چاودێری پۆلیس و راونان و نارەحەتی زۆر، تا بەناچاری دوای یەک دوو ساڵ ١٩٤٧ بەخاووخێزانەوە کۆیە بە جێ بێڵین و بۆ کەرکووک چووین، بەهۆی پشتگیری خاڵۆی ناوبراو لە دائیرەی «برق و بریدی» کەرکووک بەرامبەر «گازینۆی مەجیدییە» بە کاتب دامەزرام بە پێی بڕوانامەی دەرچووی سەرەتایی..

*** لە سەردەمی جەنابتاندا ئەو کاتەی لە رۆژنامەی**

"

**ئێمە لەو رۆژگارە ١٩٤٤ ـ ١٩٤٥ دا دەستەی لاوانی رۆشنبیر کۆمەڵەیەکی نەتەوەی پێشکەوتووخوازمان هەبوو بەناوی «کۆمەڵەی دەنگ» کە بەندە یەکێ بوو لە سەرکردەکانی**

"

"

**خاڵۆی بێکەس و لێقەوماوان لە «تەختەی ژووری خنکاندن» لەبەر بچووکی تەمەن.. رزگار بووم.. بەڵام لە فەرمان دەریان کردم**

"

**کەرکووکدا کارتان دەکرد، ناوی کەرکووکتان کرد بە گاورباغی، پاشان چۆن ئەم ناوە گەڕایەوە؟!.**

- لەو رۆژگارەی ١٩٥٨ - ١٩٦٣چەند رۆژنامە و گۆڤار دەرچوون لەسەر ناوەکانیان دوو ڕا هەبوو، بەشێ دەیانویست ناوی گۆڤارەکە یان رۆژنامە بە ناوی شارەکەوە بێ کە لێی دەردەچێت، ناو بنێرێت، بەشەکەی دیکەیان رایان وابوو:

کە ناوی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و هی هەریەک بەناوی پیاوچاکانی کۆنی زەردەشتییەوە بێت وەک:

أ - بۆ رۆژنامە یان گۆڤار لە شاری هەولێر بە ناوی: پیرمەم، پیرزینی.

ب - بۆ رۆژنامە یان گۆڤار لە شاری سلێمانی پیرە مەگرون، پیر شالیار.

ج - بۆ رۆژنامە یان گۆڤار لە شاری کەرکووک بە ناوی باوە، چونکە لە گەرمیان پیاوچاکانی زەردەشتی بە ناوی باوە دەناسران وەک:

د - باوە گوڕگوڕ

هـ - باوە نور

و - باوە یادگار

ز - یا بەناوی رووداوی گرینگ وەک: گاورباغی...

بۆیە لەسەرەتا لە ساڵی ١٩٥٩ دا. بڕیاردرا رۆژنامەی «کرکوک» ناو بنێن «باوە گوڕگوڕ» لە دواتردا، بڕیار درا بکرێت بە «گاورباغی» بەڵام لە دواتر، دوای ماوەیەک دووبارە ناوەکەی گۆڕرایەوە بۆ «کرکوک» هەر بەزمانی عەرەبی دەردەچوو بەناوی «جریدة کرکوک».. بەڵام هەر خۆم. وەک سەرۆکی نووسینی مامەوە.. هەتا لە ساڵی ١٩٦٣ دا لە کۆدەتای «بەعث» داخرا.. بۆ ماوەیەک پاشان لە ساڵانی ١٩٦٤ - ١٩٦٥ دا دەستی کردەوە بە دەرچوون هەر بە ناوی «جریدة کرکوک» بە زۆری بە زمانی عەرەبی.. چەندان نووسەر و شاعیرانی لاو تێیدا بەشداری نووسینیان دەکرد.. ئەوانەی لەبیرم ماون:

أ - مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی

ب - خوالێخۆشبوو. عەبدول لەتیف بەندەر ئۆغلو

ج - خوالێخۆشبوو لەم نزیکانە.. ئیبراهیم داقوقی

د - خوالێخۆشبوو جەلیل قەیسی

چەندانی دی ناویانم لە بیرنەماوە..